زانكۆی سەلاحەددین - هەولێر
كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی باخچەی منداڵان
قۆناغی سێیەم

# جیاوازی تاكایەتی




ئامادەكردنی
م . ی .خیلان أبوبكر محمود

٢٠٢٣– ٢٠٢٤

# جیاوازی تاکایەتی

ئایا جیاوازی تاکایەتی چیە؟

# جیاوازی تاکایەتی



# جیاوازی تاکایەتی





# جیاوازی تاکایەتی



# جیاوازی تاکایەتی

- پێشەکی :
- جیـاوازی تـاکی لـەدیاردە سـەرەکیەکانی ژیانـە، بـەبێ ئـەویش هاوسـەنگی ژیـان دەشـلەژێ، ئـەم جیاوازیانـەش لـەجیهانی ڕووەکـی و ئـاژەڵی هەیـە و لای مـرۆڤ دەگاتـە لوتکە.

# جیاوازی تاکایەتی

- واتە جیاوازی تاکایەتی دیاردەیەکی گشتییە لە هەموو بوونەوەردا، هەروەکو خوای گەورە کە مرۆڤی دروستکردووە وە ئەو تاکانە هەمان جۆرن و جیاوازن لەنێوان خۆیاندا، وە هیچ کاتێك دوو تاك هەمان وەڵامدانەوەیان نابێت بۆ مەوقیفێکی دیاریکراو، وە ئەم جیاوازیەش **ماناى ژیان دەبەخشێت**.
- هەروەها لە پرۆسەی فێرکردندا تێبینی دەکەین کە قوتابیەکان لە یەك پۆلدان ڕاستە هەموویان لەتەمەن نزیکن لەیەکتر، بەڵام هەندێکیان لەهەندێکیان جیاوازن لەزۆربەی سیفاتەکان وەکو لە لەش و درێژی و قەبارە، وە ئەو جیاوازیانەش ڕوون و ئاشکران.

# جیاوازی تاکایەتی

- کەواتە شاراوە نیە لای هەمووومان لەکاتی دروست بوونی مرۆڤ لەناو ڕەحمی دایکی، تایبەتمەندی خۆی دەبێت و لەقۆناغەکانی گەشەکردنی بەردەوام گۆڕانکاری بەسەر دادێت لەدەرئەنجامی گۆڕانکاری بۆماوەو ژینگە، مرۆڤیش لەسەرەتای ژیانیەوە هەستی بەبوونی جیاوازی کەسایەتی خۆی کردووە، چونکە مرۆڤ جیاوازن لەڕووی توانستە عەقڵییەکان و توانستە جەستەییەکانی، جیاوازیشن لە هەڵچوونەکانیان.

# جیاوازی تاکایەتی

پ:لەبەرچی لەچالاکیەکانی ڕۆژانە دەبینین هەردەم پێویستیمان بەخۆگونجاندن هەیە لەگەڵ کەسانیتر؟

- وەڵام: چونکە جیاوازی لەنێوان ڕەگەزەکانی ئادەمیزاد زیاتر بەرچاو دەکەوێت، جا جیاوازی لەشێوە و لەسیفەت و کەسایەتی و نەریت و هتد.

# پێناسەی جیاوازی تاکایەتی


- بریتی یە لە کۆی ئەو ڕەوشت و ئاکارانەیە کەهەر تاکێك بەهۆیانەوە لەکەسانیتر جیادەبێتەوە.

- بریتی یە لەلادانی کەسەکان لەژمارەی ناوەندی کۆمەڵەکەی جا دەشێت ئەم لادان و جیاوازیە زۆر بێت دەشێت کەم بێت.

# پێناسەی جیاوازی تاکایەتی

- لقێکە لە لقەکانی دەروونزانی گرنگی بە جیاوازی سایکۆلۆژی نێوان تاکەکان دەدات یاخود نێوان کۆمەڵەکان یان کۆمەڵگەکان یان لەنێوان کوڕ و کچ جا لەیەك کۆمەڵگەی دیاریکراو بن یاخود لەهەموو جیهان بەشێوەیەکی گشتی ، کەواتە گرنگی بەپێوانەکردنی ئەو جیاوازیە و دیارکردنی جیاوازیەکەی دەدات بەشێوەیەکی زانستی.

# جیاوازی تاکایەتی



# سەرنجێکی مێژوویی لەسەر جیاوازی تاکایەتی:

- **لای زانایانی ڕۆژئاوا:**
- **ئەفلاتون** لەکتێبەکەیدا بەناوی ( **کۆمار** ) یەکەم کەس بوو باسی لەجیاوازی تاکەکان کردووە ، ئەم گرنگیپێدان و باسکردنەی لەپێناو ئەوە بووە کەهەر کەسێك بەپێی تایبەتمەندی خۆی کاری پێ بسپێردرێت. دواتر لەبەشی دووەمی کتێبەکەی باس لەوە دەکات کە
- (دوو کەس وەك یەك لەدایك نەبووینە بەڵکو لەیەکتر جیاوازن لەبەهرە سروشتیەکانیان ).

# سەرنجێکی مێژوویی لەسەر جیاوازی تاکایەتی:

- لەدوای ئەفلاتون ئەرستۆ باس لەجیاوازی نێوان کۆمەڵەکان دەکات و لەنێویشیان جیاوازی لەڕووی کۆمەڵایەتی و لەوێشەوە جیاوازی نێوان هەردوو ڕەگەزی دیارکردووە لەڕووی ئەقڵ و دروستبوونیەوە.

- باسی لەوە کردووە کەجیاوازی نێوان تاکەکان جێگیرە و هەر تاکێك لەخەڵکی بوارێکی دیاریکراوی هەیە ، بۆیە دەڵێ: ( سروشت ئارەزووی لەدۆزینەوەی جیاکاری نێوان خەڵکیدا هەیە کەهەندێکیان وا لێبکات کەم ژیر بن و جەستەیان بەهێز بێت و هەندێکیان لێهاتوویان هەبێ، بۆیە هەندێك کەس ئازادن و هەندێکیش کۆیلە )

# سەرنجێکی مێژوویی لەسەر جیاوازی تاکایەتی:

- - هەروەها دەڵێ: ( گەلانی باکوری بەستەڵەك و ئەوروپا ئازان بۆیە کەس ناتوانێت ئازادییان لێ پێشێل بکات بەڵام ژیرییان کەمە بۆیە ئەوان ناتوانن دەستدرێژی بکەنە سەر هاوسێکانیان ، بەڵام ڕۆژهەڵاتیەکان ژیر و کارامەن بەڵام لەئازادی بێبەشن ، هەرچی گەلی یۆنانی ئەو دوو سیفەتە لەخۆدەگرن لەئازایەتی و ژیری.

- بەڵام ئەوەی سەیرە جیاوازی تاکەکەسی لەسەر دەستی زانایانی دەروونزانی و پەروەردە نەدۆزرایەوە بەڵکو لەسەر دەستی زانایانی فەلەکناسی لەساڵی ١٧٩٦ بەڕێوەبەری (ڕۆیال ئۆبزەر ڤاتۆری گرینیچ) لەبەریتانیا

# سەرنجێکی مێژوویی لەسەر جیاوازی تاکایەتی:

- کارمەندێك بەناوی (ماسکیلین) دەردەکات لەکارەکەی کاتێك چاودێری ئەستێرەکان دەکات. دواتر لەساڵی ١٨١٦ زانای بەناوبانگی فەلەکی ئەڵمانی ( بیزل ) ئەم نهێنیەی دۆزیەوە و جیاوازی ئەم کارمەندەی بەجیاوازی لەکەسایەتی دانا لەتێبینیکردندا.

- ئەم ڕووداوە بووە جێگای گرنگیپێدانی لێکۆڵەران لەسەدەکانی ١٨ و ١٩ وەك زانا (فونت و فیبر). هەروەها (رۆسۆ )پێی وابوو کەمنداڵ توانای خۆرسکی هەیە هەر لەگەڵ لەدایکبوونی ، بۆیە پێویستە مرۆڤەکان ڕێز لەگەشەی سروشتی ئەو توانایەی بگرن.

# سەرنجێکی مێژوویی لەسەر جیاوازی تاکایەتی:

- دوای ئەوان زانا <u>گاڵتۆن</u> قوتابی <u>فونت</u> زانای بایەلۆجی وشەی جیاوازی تاکەکەسی بەکارهێنا ، ئەو گرنگیدا بەلێکۆڵینەوەی بۆماوەیی لای مرۆڤ لەکاتی لێکۆڵینەوەیدا زۆر بەوردی سەرنجی لەخاڵە لێکچووەکانی نێوان یەك خێزاندا وەك: خوشك و براکان باوك و کوڕ دەدا ، لەساڵی <u>١٨٨٢</u> تاقیگەیەکی دروستکرد و چەند تاقیکردنەوەیەکی ڕێکوپێکی لەسەر جیاوازی تاکەکەسی ئەنجامدا ، بۆیە ئەم زانایە بەپێشەنگ و دامەزرێنەری سایکۆلۆژیای تاکەکەسی دەناسرێت.

# لای زانایانی موسوڵمان

- وشەی جیاوازی تاکەکەسی لەکتێبی ( المدينة الفاضلة )ی فارابی باسکراوە.
- هەروەها (إبن خلدون) لە پێشەکیەکەیدا هۆیەکانی جیاوازی تاکی ڕوون دەکاتەوە لەڕووی جەستەیی و ڕەوشت دەیگەڕێنێتەوە بۆ ئاو و هەواو کەش.
- غەزالی ئاماژەی بەبوونی جیاوازی نێوان تاکەکان کردووە، بەو وتەیەی کە کەسانێك هەن کەسیان تەنها خۆشناوێت خوای گەورە ، هەیە ڕووی لەخوا نیە و هەشە ناوەندە واتا خوای گەورەی خۆشدەوێت و هەوڵیش دەدات لەم ژیانە.

# لای زانایانی موسوڵمان

- مسلم بن قطيبة لەسەردەمی عەباسیەکان ژیاوە لەسەدەی (٥)ی ھ دەڵێ خوای گەورە لەئادەم هەموو جیهانی دروست کرد ، لەم جیهانەش خەم و ئاسان و رەش و سوور و پیس و باش ، سروشتی جیهانیان لەمنداڵەکانی دەرکەوت کاتێك جیاوازبوون لەگەڵ یەك بۆیە هەیە ئازایە و هەیە گێل ، رەزیل ، ئیرەبەر ، لەسەرخۆ ، بزێو ... ئەمە جگە لەجیاوازی ڕەنگیان و ئێسك سوکی و ئێسك گرانی و ...

# گرنگی دۆزینەوەی جیاوازییەکان:

١. گرنگی لە پەروەردە: چاودێری تاکەکان یەکێکە لەبنەماکانی پەورەردەی دروست، چونکە لە ئەرکەکانی پەروەردەدا گرنگی دانە بە دۆزینەوەی تایبەتمەندی کەسەکان، هەوڵ دەدات سوود لە بوونی جیاوازیەکان لەنێوان تاکەکان بەباشترین شێوە وەربگرێت، بەمەبەستی دابینکردنی ژیانێکی باشتر، چونکە شاراوە نیە لەلامان ئامانجی پەروەردەی دروست، پەرەپێدانی بەهاکانی مرۆڤە، بۆ ئەوەی پێگەی لەکۆمەڵگا بەرز بکاتەوە و بیکاتە کەسێکی بەسوود لەناو کۆمەڵگا.

# گرنگی دۆزینەوەی جیاوازییەکان:

٢. **گرنگی ئامادەکردن بۆ کاری پیشەکان:** هەموو کەسێك ئامادەباشیەکی تێدایە بۆ جۆرێك لە کارەکان، هەرچەند وزەو تواناى هەبێت ناتوانێت بەهەموو کارەکان هەڵبستێت ناتوانێت هەموو بۆشاییەکان پڕبکاتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین هەر تاکێك لە ئێمە ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە لەناو کۆمەڵگا و بەشێك لە ئەرکەکان جێبەجێ دەکات، پێویستە هەر کەسێك بەپێی تواناکانی ئامادە بکرێت بۆ کارێکی تایبەت، هەموو بارودۆخەکانی بۆ بگونجێندرێت، بۆ ئەوەی هەموو وزەو تواناکانی بخاتە گەڕ، واتە کەسی گونجاو لەشوێنی گونجاو دابندرێت.

# گرنگی دۆزینەوەی جیاوازییەکان:

٣. گرنگی ڕەفتاری: زانینی جیاوازی تاکەکەسی یارمەتیمان دەدات لەڕەفتاری کەسەکانی تر بگەین، ڕەفتارەکانیش شیبکەینەوە، چونکە هەموو کەسێك شێوازێکی تایبەتی هەیە لە دەربڕینە هەڵچوونەکان و شێوازی هەڵچوونەکانی، زانینی ئەم جیاوازیانە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دایك و باوکان و پەروەردەکارەکان بۆ تێگەیشتنی ڕەفتارەکان، بۆ ئەوەی شێوازی گونجاو بدۆزنەوە لەگەڵ منداڵەکانیان.

# گرنگی دۆزینەوەی جیاوازییەکان:

٤- **گرنگی خوودی:** زانینی جیاوازیەکان یارمەتی کەسەکە دەدات بۆ ئەوەی ئاشنا بێت بە تواناکانی خۆی و هەوڵبدات کارەکانی بەپێی تواناکانی ڕێکبخات و لایەنی لاوازی و بەهێزی بزانێت، بۆ ئەوەی سوود لەلایەنە بەهێزەکانی وەربگرێت، تا بەختەوەری لە ژیانیدا بەدی بێنێت.

# زۆر سوپاس



